# کەسایەتی موفتی زەهاوی و کاریگەری لەسەر بزوتنەوەی فکری ئیسلامی لە بەغدا

مەلا جەماڵ سەوارە[1]

**نووسەری پەیوەندیکار:** مەلا جەماڵ سەوارە

## پوختە

بەغدا وەک ناوەندی زانست و کولتووری ئیسلامی، کەسایەتی بەرچاوی تێدا هەڵکەوتووە کە کاریگەری باشیان بەسەر گۆڕانکاری فکری و زانستی سەردەمی خۆیان هەبووە. لەو بەینەدا کەسایەتیەکانی زانستی و ئەدەبی کورد، وەک کەسانی لێهاتوو و کاریگەر بەرچاون. لەو توێژینەوەدا کاریگەری ئەو کەسانە بە نموونە، موفتی زەهاوی لەبەدی هاتن و پەرەی بزوتنەوەی فکری ئیسلامی تاوتوێ دەکرێ.

لێکدانەوەی ژیان و بەرهەم و هزر و فکری ئەو و تاوتوێ کردنی پەیوەندییەکانی زانستی و کولتووری نێوان کورد و زانایانی دیکە لە بەغدا، ئەوە ڕوون دەکاتەوە کە کورد، وەک پردێک نێوان هزری فەلسەفی، زانستی و ئەدەبی کاری کردووە و ڕەوتی فکر و ئەندێشەی ئیسلامی بەغدای دەوڵەمەند کردووە. ئامانجی ئەم توێژینەوەیە بە شێوەی شیکاری، لێکدانەوەی کاریگەریەکانی ئەو کەسایەتیە لەسەر ناوەندەکانی هزری و پێشکەوتەکانی زانستی بەغدایە.

**وشە کلیلییەکان:** کورد، بزوتنەوەی فکری و ئیسلامی، کاریگەری فکری، زمان و ئەدەب .

## 1. پێشەکی

لە سەرەتای سەدەکانی سەرەتایی ئیسلامەوە هەتا سەدەی نۆزدەهەم و سەرەتای سەدەی بیستەم، بەغدا وەک ناوەندی گۆڕانکاریەکانی فکری و دینی جیهانی ئیسلام چاوی لێکراوە. لە سەدەی نۆزدەهەمدا، ئەم شارەکە لە نێوان کێشمەکێشی سوننەت و نوێگەریدا و لە بەستێنی کۆتاهاتنی دەوڵەتی عوسمانی، گەلێک بزوتنەوەی تازە لە رووی فکر و ئەندێشەی ئیسلامی تێدا پەیدابوو. لەم دۆخەدا کەسایەتی وەها هەبوون کە هەوڵیان داوە، بۆ کلتووری دینی و خۆمانە و بە هەمان شێوەش نوێگەری بە پێی بنەماکانی جیهانی تازە.

لەو بەینەدا، موفتی زەهاوی پلە و شوێنی تایبەتیان هەبووە. ڕۆڵیان هەبووە لە ماندەگاری و نوێگەری لە بزوتنەوەی فکری ئیسلامی لە بەغدا. موفتی زەهاوی وەک زانایەکی ئایینی و موفتی بەغدا، پارێزەری شوناسی دینی خەڵک، کەسایەتییەکی ئاگادار و زیرەک بووە لە گۆڕەپانی چاکسازی دینی و کۆمەڵایەتی. لە ڕوانگەی دینی، بیری چاکسازی دەکرد و زمان و وێژەی کردە گۆڕەپانی گفت و گۆی ئەندێشەکان.

ئەم توێژینەوە بە شێوەی وەسفی ـ شیکاری، باس لە کەسایەتی موفتی زەهاوی دەکات و کاریگەری ئەو دەخاتە ڕوو.

پرسیاری سەرەکی: ئەوەیە، کە چۆن پەیوەندی سوننەتی فیقهی و دینی و پابەندبوون بە شەریعەت و تەریقەت لە بنەماڵەی زەهاوی و بە دیاری موفتی زەهاوی، توانی شێوازێکی تایبەت لە کاریگەری لە سەر فکر و ئەندێشەدا بخوڵقێ؟

**2.ئامانجی توێژینەوە:** ئەم توێژینەوە بەدوای ئەوەدایە، کە کەسایەتی زانستی موفتی لە بەستێنی مێژوویی و کۆمەڵایەتی روون بکاتەوە. هەروەها شیکاری ڕۆڵی ئەو لە پەیوەنی نێوان سوننەتی دینی و ڕەوتی تەریقەت و عیرفاندا بکات بە هونەری شیعرەوە.

**3.بنیاتی توێژینەوە :** سروشتی ئەم توێژینەوە بەو پێیە دارێژاوە کە بیکەین بە پێنج بەش. لە بەشی یەکەم: باس لە ژیان و تایبەتمەندییەکانی موفتی زەهاوی دەکات. بە شی دووهەم: ڕۆڵی زانایان لە گۆڕانگاریەکانی فکری و کۆمەڵایەتی تاووتوێ دەکات. لە بەشی سێهەمیشدا: دۆخی زانستی و کلتووری سەدەمی زەهاوی خراوەتە روو و لە بەشی چوارەم باس لە ڕۆڵی موفتی کراوە لە بزوتنەوەی فکری ئیسلامی. بەشی پێنجەمیش تایبەت کراوە بە پێگەی موفتی لە شیعردا و لە بەشی شەشەم بابەتی کاریگەری زەهاوی لە ڕێگەت شیعرەوە لەسەر ئەدەبیاتی ئیسلامی بەرجەستە کراوە.

- **Publisher:** University of Sulaimani, **ISSN (Print):** 1813-0852, **ISSN (Online):** 2617-3034
- **Journal Websitehttps://sjh.univsul.edu.iq/**, **Conferance Name[Kurdish scholars in Baghdad were pioneers of thought and sources of knowledge.]**], **Year:** [2026], **DOI:** [10.17656/jzsb.12423]
- **Submission Date:** [**26/2/2026**], **Accepted Date:** [**3/4/2026**], **Published Date:** [02/08/2026]

**ژیاننامە و کەسایەتی زانستی موفتی زەهاوی**

موفتی زەهاوی زانایەکی لێهاتووی کوردە، کە لە شاری بەغدا نیشتەجێ بووە. ئەو کەسایەتییەی کە ماوەی ٨٠ ساڵ تەدریس و دەرس گوتنەوە ئەرکی سەرشانی بووبێت و ماوەی ٣٨ ساڵ لەسەر یەک موفتی بەغدا بووبێت. (کانی میرانی ٢٠١٨:١٦) ئەو وەک زانایەکی لێهاتووی کوردستان نەتەنیا ئاسمانی زانستی کوردستان، بەڵکوو هەموو عێراق و جیهانی ئیسلامیشی رووناک کردبوویەوە. لە راستیدا ئاوڕدانەوە لە ژیاننامە و کەسایەتی زانایانی کورد، ئەرکی سەرشانە و لەو بەینەدا خامەگەردانی لەسەر پێگەی بەرزی مامۆستا مەلای محمد فەیزی ئەفەندی، ناسراو بە موفتی زەهاوی، وەک پێشەنگی زانایانی مەزنی کورد لە ماوەی ٢ سەدە لەمەوپێش تا بەئێستا، لە چوارچێوەی توێژینەوەیەکی ئەکادیمی گرینگ و کاریگەرە.

**لەدایک بوون، خانەدان و خوێندن**

محمد کوڕی مەلا ئەحمەدی کوڕی حەسەن بەگ، ناسراو بە موفتی زەهاوی، لە ساڵی (١٢٠٨ک)، (١٧٩٣)ی زایینی لە شاری سلێمانی لەدایک بووە. [بەپێی سیجللی حکومەتی عوسمانی، لە ساڵی (١٢١٨ک) لەدایک بووە ] (هەمان،١٩). بەڵام ئەمین زەکی بەگ لە تەئریخی سلێمانیدا، ئەمە بە درووست نازانێت. (هەمان./زکی،٢٠٠٦:١٨٢) دایکی مەلام محمد خەڵکی سەرپێلی زەهاوی کرماشان بووە. (چراغی،١٤٠٠: ٢٢٦) بەهۆی مانەوەی ماوەدرێژی مەلا ئەحمەدی باوکی لە زەهاو، بە زەهاوی ناسراون (بصیر،١٩٤٦: ٤٧/ محسن نیا، ١٣٨٩:٢٤)

مەلا محمد، هەر لە تەمەنی مناڵییەوە لای باوکی دەستی کردووە بە خوێندن و کتێبە سەرەتاییەکانی لای ئەو دەخوێند. پاشان، مەلا ئەحمەدی باوکـــی دەینێرێتـــە لای زانای بەناوبانگی کورد، شێخ مەعروفی نۆدێ (١١٦٦ ـ ١٢٧٢ک) و ماوەیەک لای ئەو دەمێنێتەوە و دەخوێنێت. زانستەکانی نەحو و سەرف و بەلاغەت بەباشی فێر دەبێت. (کانی میرانی،٢٠١٨: ٢٢). دواتر روو دەکاتە شاری هەڵەبجە و لە خزمەت گەورە زانای کـــورد، شێخ عەبدوڵڵای خەرپانی(١٩٩-١٢٨٥ک)، زانستەکانی مەنتیق و فیقە و ئوصولی فیقە دەخوێنێ. ئینجا روو دەکاتە سنەی رۆژهەڵات و لای شێخ سەعیدی تەختی، ماوەیەک دەمێنێتەوە و دواتر لە خزمەت شێخ محمد قەسیمی مەردۆخی(وەفات ١٢٣٦ک)، زانستەکانی حیکمەت و کەلام دەخوێنێ و پاشان روو دەکاتە ناوچەی موکریان لە شاری مەهاباد. لە خزمەت مەلا محمد ناسراو بە (ابن الرسول)، کە لە زانستەکانی جەبر و هیندەسە و نجوم خاوەنی بەرهەمە، بیرکاری فێربوو و هەر لە خزموەتی ئەو زانایەدا ئیجازەی زانستی وەردەگرێت. پاشان دەگەڕێتەوە بۆ شاری سلێمانی و دەست دەکات بە تەدریس و وانە وتنەوە. دواتر بەهۆی کێشەیەک لە نێوان ئەو و مەحمود پاشای بابان، دەچێتە کەرکوک و لەوێشەوە بەرەو بەغدا دەڕوات. (هەمان) لە ساڵی (١٢٦٦ک) وەک (رئیس المدرسین)ی بەغدا و لە ساڵی (١٣٧٠ک) وەک موفتی بەغدا دیاری دەکرێت و تا کۆتا ساتەکانی تەمەنی ماوەی ٣٨ ساڵ لەم کارە بەردەوام دەبێت. دۆخی سیاسی لە عێراق ەا سەردەمی زەهاوی، کە پاشکۆە دەوڵەتی عەسمانی بوو، زوڵم و بشێوی حاکم بوو. (خناری، ١٣٩٥: ١٦٧) بابەتەکانی وەک هەژاری و نەبوونی زانیاری لە تایبەتمەندیەکانی ئەو کات بوو، بە شێوەک کە ئەم دۆخە لە شیعرەکانی جەمیل صدقیدا بەرچاوە. (عزالدین، ١٩٦٥: ٩)

سەدان قوتابی پێگەیاندووە و بوون بە زانای بەناوبانگ و بە قەولی خۆی: هەرکام لەو قوتابیانەی کتێبی گەڕۆک بوون.

من تلامیذی الفت کتابا کل سطر منه فی العلوم مولف
(کانی میرانی، ١١٨)

موفتی زەهاوی چەند کوڕێکی هەبووە کە هەرکام لەوان لێهاتوو و بەناوبانگ بوون. محمد سەعید زەهاوی کوڕی، دوای مەلا محمدی باوکی بۆتە موفتی بەغدا و هەروەها عەبدولغەنی و جەمیل صدقی زەهاوی لە کوڕەکانیتری موفتی زەهاوی، شاعیر و ئەدیبی بەناوبانگ بوون و بە کوردی، فارسی، عەرەبی و تورکی شێعریان هۆنیوەتەوە.سەرەنجام، مەلا محمد زەهاوی دوای سەد ساڵ لە ژیانی، لە ساڵی (١٣٠٨ک) لە بەغدا وەفاتی کردووە و هەر لە مەدرەسەی خۆی لە بەغدا بەخاک سپێردراوە. زانای بەناوبانگ عەبدوڵڵا عیرفان المدرس لە شاری سلێمانی لە شینی موفتی زەهاویدا لە دوایین دێڕدا ساڵی وەفاتی (١٣٠٨) باس لێدەکات.

سألت عجوز الدهر تأريخ موته        فقالت و تبکی (غاب نجم المعالم)

(مدرس،١٩٨٣:٥٢٢)

**پلە و شوێنی فیقهی و زانستی موفتی زەهاوی**

مەلا محمد، زانایەکی، ئەدیب و شاعیر و فەقیە بووە و جگە لە کوردی، وەک زمانی دایک، عەرەبی، فارسی و تورکیشی بە باشی زانیوە. لە فیقە و زانستەکانی ئیسلامی زۆر کارامە بووە و بەهۆیەوە بوو بە موفتی بەغدا و ساڵانێکی زۆر خەریکی ڕێنوێنی و ئامۆژگاری خەڵک و چارەسەری کێشەکانی شەرعی و یاسایی خەڵکی کردووە. نازناوی شیعری ئەو (فەیزی) بووە؛ هەربۆیە بە مەلا محەممەدی فەیزیش ناسراوە. (دیوان بیگی،١٣٦٥:٣٨٨)

مەلا محەمەد، لە زانستەکانی فیقە، ئوصوڵی فیقە، تەفسیر، حەدیس و ئەدەبیاتدا دەستێکی باڵای هەبووە. بوونی بە موفتی بەغدا و مانەوەی لەو پێگەیەدا بۆ نزیکەی ٤٠ ساڵ، گەورەترین بەڵگەیە لەسەر پلە و پایەی زانستی و فیقهی ئەو. ئەو پێگە و پۆستەی کە نیشاندەری ئاگاداری ئەو لە ئەحکامی شەرعی و هەروەها جێگەی متمانەی ناوەندەکانی دینی و دەسەڵاتی ئەوکاتی بەغدا بە پلە و شوێنی زانستی و ئەخلاقی ئەو هەژمار دەکرێت. شێخ ڕەزای تاڵەبانی لە بارەی پلەی زانستی موفتی دەڵێ:

ئەی مادەری گێتی تۆ هەتا ئێستا نەزاوی        زاتێکی وەکوو فەیزی ئەفەنـــدی زەهاوی

مومکین نییە ئیدراکی حەقایق بە تەواوی        مومکین نییە ئیدراکی نەکا زیهنی زەهاوی

(دیوانی شێخ ڕەزا، ٢٠٠٣: ١٥٢)

بوونی مەلا محەممەد بە موفتی بەغدا وەک زانایەکی کورد، نیشاندەری ئیعتیباری زانستی ئەو لە پانتاییەکی فراوانتر لە سنوورەکانی قەومی و ناوچەییە. کەسایەتیی زەهاوی تەنیا لە ڕووی شەرعی و فیقهی نەبووە، بەڵکو ئەو شاعیر و ئەدیبێکی بە تواناش بووە و لە پەیوەندی نێوان سوننەتی دینی و زەوقی ئەدەبی، پلە و شوێنێکی دیاری هەبووە. پلەی بەرزی زانستی مەلە محەممەد لە پەروەردە کردنی جیلی دواتر، بە تایبەتی کوڕەکانیدا و لەوان جەمیل صدقی زەهاوی وەک شاعیر و بیرمەندی ناسراویی کوردستاندا ڕەنگی داوەتەوە.لە ڕوانگەی مێژووی ئەندێشەی ئیسلامیدا لە کوردستان و عێراق، دەکرێ موفتی زەهاوی وەک نوێنگەی پەیوەندی نێوان زانستی کوردستان و بەغدا و جیهانی ئیسلام بزانین. ئەو زانایەی کە هەم لە فەتوا و دادوەریدا و هەم لە ڕووی کلتوور و ئەدەب ڕۆڵێکی بەرچاوی هەبووە.

**تایبەتمەندییەکانی فکری و مەعریفی زەهاوی**

موفتی زەهاوی، کەسێکی خواناس و لەخواترس و خاوەن ڕەوشتی بەرز بووە. زۆر ڕاستبێژ بووە لە شێعرێکی دا دەڵێت:

لا تدع فی حاجە بازا و لا أسدا        الله ربک لا تشرک بە احدا

جگە لەوەی ئەو دێڕە دیوانێکی شیعر دەهێنێ، ئیمانی مرۆڤ تازە و بەهێز دەکاتەوە و فێری خواناسی دەکات. (میرانی،٢٠١٨:٤٧)

لێهاتوویی لە زانستەکانی عەقڵی و نەقڵی، ڕۆحیەی چاکسازی و سەرنجدان بە یەکریزی موسوڵمانان، پەیوەندی نێوان زانست و کردار، پەروەردە کردنی قوتابیان و پەرەپێدانی زانست، پابەندبوون بە مەزهەب و دوور بوون لە هەر چەشنە بابەتێک کە مرۆڤ لە خوا دوور بخاتەوە، لە تایبەتمەندییەکانی فکری و مەعریفی زەهاوی هەژمار دەکرێن. مەلا محەممەد، وەک وێنە و نمونەیەک لە زانایانی بەناوبانگی کوردستان و جیهانی ئیسلام، بە لەبەر چاوگرتنی پاراستنی شکۆی دین و مەزهەب، وەڵامدەرەوەی پێداویستییەکانی فکر و کۆمەڵایەتی سەدەی خۆی بووە و لە پۆستی موفتی بەغدا، ڕۆڵێکی هەرمانی هەبووە لە مێژووی زناستی و ئایینی کوردستان و عێراقدا.

**ڕۆڵی زانایان لە گۆڕانکارییەکانی فکری و کۆمەڵایەتی**

ڕۆڵی زانایان لە گۆڕانکارییەکانی فکری و کۆمەڵایەتی، لە گرینگترین و کاریگەرترین هۆکارەکانی بەدیهاتنی شارستانییەتەکان و پێشکەوتنی کۆمەڵگایە. زانایان وەک کەسانی خاوەن ئەندێشە،

- **Publisher:** University of Sulaimani, **ISSN (Print):** 1813-0852, **ISSN (Online):** 2617-3034
- **Journal Websitehttps://sjh.univsul.edu.iq/, Conferance Name[Kurdish scholars in Baghdad were pioneers of thought and sources of knowledge.]], Year:** [2026], **DOI:** [10.17656/jzsb.12423]
- **Submission Date:** [**26/2/2026**], **Accepted Date:** [**3/4/2026**], **Published Date:** [02/08/2026]

زانست و هزری قوڵ، رۆڵی ریشاندەری فکری، کلتووری و تەنانەت سیاسی کۆمەڵگاشیان لەسەر بووە و لە هەوراز و نشێوی مێژوودا، توانیویانە رێگەی پێشکەوتن و جموجۆڵی نەتەوەکان بگۆڕن.

گرینگترین رۆڵی زانایان، رێنوێنی فکری و هزری و شیکاری ئەندێشەکانە. زانایان بە فێرکاری و نووسین و وتار و پەروەدە-وکردنی قوتابیان، چوارچێـــوەی هزری کۆمەڵگا سەروسامان دەدەن. زانایان بە رەخنە گرتن لە هزری نادروست و پەرەپێدانی ئەندێشەکانی دروست، بواری گەشەی هزری خەڵکی پێک دێنن.

رۆڵی دیکەی زانایان، پاراستنی شوناسی دینی و کلتووری کۆمەڵگایە. لە هەلومەرجێکدا کە نەیاران و دوژمنانی دین لە رێگەی کلتوورەوە هەوڵیان داوە بیر و باوەڕی خەڵک لاواز بکەن. زانایان بە پشت بەستن بە زانست و زانیاری خۆیان لە میراتی دینی و مێژوویی، شوناسی کۆمەڵگاکەیان بپارێزن و بە گەشەی هێزی ئیمان و باوەڕ و ئەخلاق، یەکڕیزی کۆمەڵایەتی بپارێزن. ئەوان رۆڵی چاکسازی کۆمەڵگایان هەبووە، زۆربەی چاکسازییەکانی کۆمەڵایەتی لەماوەی مێژوودا بە رێنوێنی و پشتگری زانایان بەدی هاتووە. ئەوان هەروەها لە گۆڕانکارییەکانی سیاسی و بزوتنەوەکانی فکری، جیلی داهاتووی کۆمەڵگای خۆیان بەباشی پەروەردە کردووە. زانایان بە زانست و بەڵێنی و بەرپرسیارییەتی کۆمەڵایەتی، رێ نیشاندەری کۆمەڵگا بوونە، بەروە لوتکە پێشکەوتن، دادپەروەری و زانیاری و دەکرێت بڵێین، هەر کۆمەڵگایەک، زانای بەرپرس و لێهاتووی هەبێ، ئەوە خاوەن دامەزراوی فکر و یەکڕیزی کۆمەڵایەتی و پەرەی کلتووریە. بۆیە رۆڵی ئەوان یەکجار چارەنووس سازە.

### ٣دۆخی زانستی و کلتووری بەغدا لە سەردەمی زەهاویدا

دۆخی زانستی و کلتووری بەغدا لە سەدەی نۆزدەی زایینی، هاوکات لەگەڵ سەردەمی ژیانی موفتی زەهاوی، دەبێ لە چوارچێوەی گۆڕانکارییەکانی دەورەی عوسمانییەکان، تاوتوێ بکرێ. سەردەمانی چاکسازی لە هەموو بوارەکان لە بەغدا، وەک ناوەندێکی گرینگی جیهانی ئیسلام.

بەغدا ناوەندی گرینگی زانستەکانی دینیيە. قوتابخانەکانی ئایینی، مزگەوتەکان و ئەڵقەی دەرسی زانایان، ئەو شوێنانە بوون بۆ فێرکاری زانستی فیقە، تەفسیر، حەدیس، ئوسوڵ، مەنتیق ئەدەبیات و ... . زانایانی لێهاتوو، وەک مەلا محەممەدی زەهاوی لەو شوێنانە تەدریسییان دەکرد و زۆر قوتابیش لە کوردستان و ناوچەکانی دیکە روویان لە بەغدا دەکرد. هەروەها بەهۆی چاکسازییەکانی عوسمانی، قوتابخانەکانی دەوڵەتیش دامەزران و ئەوەش بوو بە هۆی ئەوەی کە لە بەغدا بزوتنەوەکانی فکری تازە دروست ببێت.

لەم سەردەمەدا، پۆستی موفتی گەورەی بەغدا، گرینگ بووە. موفتی وەک سەرچاوەی فەتوا و وەڵامدەری پرسیارە شەرعییەکانی خەڵکی، لە کاروباری کۆمەڵایەتی و کلتووریشدا دەوری هەبووە. هەروەها بەغدا لە ناوەندەکانی گرینگی ئەدەبیاتی عەرەبی بووە. زۆر شاعیر و ئەدیبی کورد و عەرەب لەم شارە بوونیان هەبووە و ئەڵقەکانی ئەدەبی گەرم و گوڕ بوونە. شاعیران و ئەدیبانی بەغدا، بە تایبەتی شاعیرانی کورد لەسەر ئەو باوەڕە بوونە کە مەعشووقی راستەقینە، لە دەروون و ناخی مرۆڤدا بوونی هەیە. (محسنی نیا،١٣٨٩:٣٠) هەروەها لەو سەردەمەدا لەگەڵ پەرەی چاپخانەکان لە کۆتاییەکانی سەدەی ١٩، چاپ و بڵاوکردنەوەی کتێب و گۆڤارەکان دەستی پێ کرد و بەو هۆیەوە، زانیاری گشتی خەڵکی پەرەی سەند.

شاری بەغدا، شارێکی چەند مەزهەبی و قەومی بووە. سوننە و شیعی و مەسیحی و ... لەو شارە دەژیان. ئەم جیاوازیە لە رووی هزری و ئایدۆلۆژیا، کەشێکی فکری و کلتووری تایبەتی بەدی هێنابوو. بە گشتی بەغدا لەو سەردەمەدا، شارێک بە شوناسی زانستی رەگ و ریشەی داکوتراو و لە هەمان حاڵیشدا، لە گۆڕانکاریدا بوو. هەبوونی زانایەکی وەک موفتی زەهاوی، هۆکار بوو بۆ پێشکەوتنی زیاتری بەغدا لە رووی دینی و کلتووری.

### رۆڵی موفتی زەهاوی لە بزوتنەوەی فکری ئیسلامی بەغدا

ئەم رۆڵەی موفتی زەهاوی لە چەند روانگەوە دەکرێت تاوتوێ بکرێت. زەهاوی وەک زانایەکی ئایینی کورد و کەسایەتییەکی کاریگەر لە سەدەی نۆزدەهەم، لە عێراق و بەغدا دا دەرکەوت.

بەشداری چالاکانەی ئەو لە گۆڕانکارییەکانی کۆمەڵایەتی و دەوری ئەو لە بزوتنەوەی فکری ئیسلامی لە چوارچێوەی شیعر و ئەدەبیات دا شیاوی سەرنجە.

رۆڵی زەهاوی لە رووی هزری ئیسلامی دا، دەکرێ لە ٣ ئاستدا لێکدانەوەی بۆ بکرێ.

١. ئاستی زانستی ٢. ئاستی کۆمەڵایەتی و پەروەردەیی ٣. ئاستی ئەدەبیات و شارستانییەت

١. پلە و ئاستی زانستی و فیقهی مەلا محەممەدی زەهاوی لە بەغدا، دەبێ لە چوارچێوەی پێگە و پۆستی موفتی لە کۆتاییەکانی دەوڵەتی عوسمانی لێکدانەوەی بۆ بکرێ. ئەو سەردەمەی کە لەودا زەهاوی وەک نوێنگەی باڵای فیقهی حەنەفی (کانی میرانی، ٤٤)و لە هەمان حاڵدا وەک کەسایەتییەکی لێهاتووی زانستی هەژمار دەکرا.

زەهاوی لە سەرەتا بە تەواوەتی لە فیقهی شافیعیدا رۆچووبوو، دواتر بوو بە سوارچاکی مەیدانی فیقهی حەنەفی و لە فەتواکانیدا دەگەڕایەوە سەر سەرچاوە باوەڕپێکراوەکان و هەل و مەرجی کۆمەڵگاشی لەبەر چاو دەگرت. لە رووی ئاستی کۆمەڵایەتی - پەروەردەیی مەلا محەممەدی زەهاوی، دەبێ ئاوڕ بدرێتەوە سەر گۆرانکاری چوارچێوەی کۆمەڵگای عێراق لە سەدەی نۆزدەهەم، ئەو سەردەمەی کە کۆمەڵگا رووبەڕووی هەندێ ئاڵنگاری هاتبوو و کەوتبووە بەر شاڵاوی هێرشی کلتووری بێگانە. لاواز بوونی بنەماکانی کۆن و خۆمانەی فێرکاری دینی و پەرە سەندنی فێرکاری تازەی غەیری دین و قەیرانی شوناسی ئیسلامی. لە وەها کێشەیەکدا، زەهاوی هەوڵیدا لە پێگەی موفتیدا، رۆڵێکی چالاک و رێ نیشاندەر بۆ زیندوو کردنەوەی پەروەردەی ئیسلامی بگرێتە بەر.

یەکێک لە گرینگترین خاڵەکانی رۆڵی کۆمەڵایەتی ـ پەروەردەیی موفتی زەهاوی، گەڕاندنەوەی زانایانی ئایینی بۆ ناو کۆمەڵگا بوو. ئەو پێی وابوو کە زانای ئایینی دەبێت لە رێنوێنی خەڵک و چاکسازی لە کۆمەڵگا و وەڵامدانەوە بە بابەتەکانی رۆژ زۆر چالاک بێت. ئەم بۆچوونە بوو بە هۆی پەرەی دڵنیایی و متمانەی گشتی بە دین و پلە و شوێنی زانایانی، وەک راهێنەرانی کۆمەڵایەتی چەسپاوتر کرد و بەم شێوە، بزوتنەوەی فکری ئیسلامی لە عێراقدا، خۆی خزاندە ناو جومگەکانی کۆمەڵگا.

لە پلەی کۆمەڵایەتیدا، موفتی زەهاوی سەرنجی تایبەتی هەبووە بۆ چاکسازی ئەخلاقی لە کۆمەڵگادا و پێی وابووە کە بێداری هزری بەبێ چاکسازی ئەخلاقی و پەرەی بیر و باوەڕی گشتی هیچ ئاکامێکی ئەوتۆی نابێ. بۆیە لە وتارەکانیدا لەسەر تایبەتمەندییەکانی وەک راستبێژی، دادپەروەری، بەرپرسیارییەتی، هاودڵی کۆمەڵگا و پابەند بوون بە شەریعەتی پیرۆزی ئیسلام پێداگری کردووە. بە کورتی، رۆڵی موفتی لە بزوتنەوەی هزری ئیسلامی لە ئاستی کۆمەڵایەتی ـ پەروەردەیی دەکرێ بەم شێوەیە بێت:

١. زیندوو کردنەوەی رۆڵی چالاک و کۆمەڵایەتی زانایان ٢. چاکسازی ناوەندەکانی فێرکاری دینی ٣. پەروەردە کردنی جیلێکی زانا، جیگەی متمانە و خاوەن شوناسی دینی و ئیسلامی.

بابەتی چاکسازی لە بنەماڵەی ئەودا ریشەدارە. (درویی، ١٩٥٨: ١٨١) ئەوە وای کردبوو کە زەهاوی لە کەسایەتییەکانی کاریگەر بێ لە گۆڕانی بزوتنەوەی هزری ئیسلامی بۆ چالاکییەکی کۆمەڵایەتی ریشەدار لە عێراقـــدا. لە ئاستی ئەدەبیات و شارستانییەتیشدا، رۆڵی مەلا محەممەدی زەهاوی لە بزوتنەوەی هزری ئیسلامی دەبێ سەرتر لە چوارچێوەی دینی و فیقهی تاوتوێ بکرێ. هەرچەندە کە زەهاوی زانایەکی ئایینی و موفتی بوو، بەڵام لە سەردەمێکدا دەژیا کە ئەدەبیاتی کوردی و عەرەبی و چاپەمەنی و رۆژنامەکان، ببون بە ئامرازەکانی سەرەکی ئاراستە کردنی هزری گشتی و شوناسی ئیسلامی. یەکێک لە رۆڵ و پێگەکانی ئەو، کەڵک وەرگرتنی زانایانە لە زمانی وتار و دەربڕینی ئەدەبی بووە بۆ راگواستنی بابەتەکانی دینی و کۆمەڵایەتی و لە مینبەری مزگەوتدا، بۆ دەربڕینی بۆچوونەکانی باشترین بەهرەی وەردەگرت. ئەو لە ریگای شیعر و ئەدەبیات هەوڵیداوە بابەتی خواناسی، ستایشی خوا، فەلسەفە، پەند و ئامۆژگاری، دڵداری، قسەی نەستەق، لاواندنەوە و ... (هەمان)، بە زمانەکانی کوردی، عەرەبی و فارسی بخاتە روو و ئەویندارانی ئەدەبیات لەم رێگەوە بگەنە ئارامی و هێمنایەتیی


- **Publisher:** University of Sulaimani, **ISSN (Print):** 1813-0852, **ISSN (Online):** 2617-3034
- **Journal Websitehttps**://sjh.univsul.edu.iq/, **Conferance Name[Kurdish scholars in Baghdad were pioneers of thought and sources of knowledge.]**], **Year:** [2026], **DOI:** [10.17656/jzsb.12423]
- **Submission Date:** [**26/2/2026**], **Accepted Date:** [**3/4/2026**], **Published Date:** [02/08/2026]

دەروون و وردەوردە چاکسازی کۆمەڵایەتی لە کۆمەڵگادا داکوترا و بێت.

**پێگەی موفتی زەهاوی لە شێعردا**

مەلا محەممەد زەهاوی، زانا و پێشەوا بووە. (میرانی،٦١). بەڵام لە هونەری شیعریدا، شاعیرێکی باڵادەست بووە و جگە لە کوردی، بە فارسی، عەرەبی و تورکیش شیعری هۆنیوەتەوە و لە شیعردا، بەردەوامی داوە بە رێچکەی عیرفانی کلاسیک و شیعری ئەو، جۆرە دەربڕینێکە لە روانگەی عیرفانەوە بۆ پاڵاوتنی دەروون و تەزکار و بیرهێنانەوە. خاوەنی بیری زۆر رەوان و جوان بووە. وەک خۆی دەڵێت:

لو بحسب الحسب المرء علی فوق معالی

کنت بالعلم و بالشعـــر علی

العالم عالی (هەمان،٦١)

واتە، ئەگەر مرۆڤ بە پێی وەجاغەوە سەر هەموو کەسێک بکەوێت، ئیتر وەوە من بە زانست و زانیاری و هونەری شیعرەوە ژوور هەموو کەسێک دەکەوم.

٥.١. مەلا محەممەد زانای ئایینی و موفتی بووە، بەڵام لە بەشی شیعرەوە دەکرێت، بڵێین زمانی شیعری ئەو بە زوهد و تەقوا رازاوەتەوە. زانایەکی پابەند بە شەریعەت و مەزهەب و عیرفان، ئەو ئەنجامەی پێوە دیار بووە کە درێژە پێدەری شێوازی کلاسیک لە شیعردا لە چوارچێوەیەکی سادە و روون و رەوان و دەتوانم بڵێم، کە لە موڵکی شێعر و شاعیریدا، رۆڵی بانگخوازێکی عیرفانی ئەخلاقی دەگێڕێت.

٥.٢. بنەماڵەی زەهاوی لە کوردستان و بەغدا، ناسراون و موفتی، وەک زانایەکی بلیمەت و لێهاتوو، جێگە و پێگەی دیارە کە ژیانی ئەو لەگەڵ تەدریس و ئامۆژگاری و داوەری کردن و فەتوادان لە هەموو بابەتەکانی شەرعی سەدەی خۆیدا و بە هەمان شێوەش لە رۆچوون لە شیعر. بەڵام لە خانەوادەی ئەودا، بۆ نموونە جەمیل صدقی کوڕی، بە هزر و فکری نوێگەری و رەخنەگرانەی، کە خۆی لە زۆر بابەتدا رەخنەی لەسەرە، بەڵام لە پلەی شاعیریدا بەرچاو و کاریگەر بووە. دەکرێت مەلا محەممەد زەهاوی وەک نوێنگە و نوێنەری بەردەوامی سوننەتی عیرفانی، فیقهی بناسرێت و گرینگی ئەو لە مێژووی ئەدەبیاتی ئیسلامی سەدەی خۆیدا، لەبەر پارستن و راگواستنی میراتی عیرفانی ،ئەخلاقی و پابەندی رێبازی شەریعەتدا ببینین.

**کاریگەری زەهاوی لە رێگەی شیعرەوە لە سەر وێژەو ئەدەبیاتی ئیسلامی**

مەعڕوف رەصافی، شاعیری بەناوبانگی کورد، وتوویەتی: ئەوەندەی من و جەمیک صدقی زەهاوی، بە شیعرەوە خەریکین، ئەگەر موفتی زەهاوی نیوەی ئەوە بە شیعرەوە خەریک بوایە، گەلێ لە ئێمە شاعیرتر و شیعری زۆرتر دەبوو. (کانی میرانی، ٦١)

شیعرەکانی موفتی لەوپەڕی ساکاری و سادەیی دابوون، بەڵام بە دنیایەک واتا و ناوەڕۆکی بەهێزەوە. سادەبوونی شیعری مەلا محەممەد ئەو کاریگەریانەی هەبووە لەناو کۆمەڵگا و لەسەر شاعیرانیش:

١. لە کۆڕەکانی وەعز و ئیرشاد و ئامۆژگاریدا، دەخوێندرانەوە و هەمووان لێی بەهرەمەند دەبوون.

٢. دەتوانرێ شیعرەکانی مەلا محەممەد بە زوویی لەبەر بکرێن.

٣. هێز و توانای بەخشیوەتە وێژەو و ئەدەبیاتی تەعلیمی و فێرکاری.

**بە نموونە ئەم شیعری موفتی زەهاوی** کە بە زمانی فارسی نووسیویەتی، لێکدانەوەی بۆ دەکەین و کاریگەری ئەو لەسەر کۆمەڵگا لە رووی فکری ئیسلامی و لەسەر ئەدەبیاتی ئیسلامی دەخەینە روو:

تا چند ز غیـــر جویم اســـرار نهان تا کـــی بحوالـــی دلیل و برهـان؟

شمس است دلیل شمس تابان، تابان ای دوست بیا مرا ز برهان، برهان (هەمان،٦٥)

واتە: تاکەی لەم و لەو داوای دەرخستنی نهێنی خوا بکەم و بە دەور و پشتی بەڵگە و نیشانەدا بسوڕێمەوە بۆی؟ چونکە رۆژ هەر خۆی نیشانەی خۆیەتی. کەواتە، خوایە رزگارم بکە لە گەڕان بەدوای بەڵگە و نیشانەکانت. لە عیرفانی ئیسلامیدا، (غیر) واتە ئەم لا و ئەولا. هەموو ئەو شتانەیە کە خواناس لە رێگەی حەق لاڕێ دەکات. مەلا محەممەد لێرەدا بەشێوازی پرسیار (تا چند) سکاڵا دەکات لە حاڵەت و دۆخی سەرسوڕمان و سوڕانەوە. واتە گەڕان بەدوای حەقیقەتدا، لە غەیری حەقدا، کە شتێکی بێ کەڵک و بێ سوودە. (حوالی دلیل)، تەعبیرێکی ناسک و جوانی بەکارهێناوە.

واته سوورانەوە بەدوای بەڵگە و نیشانەدا، بەبێ دەسکەوتن بە سەرچاوەی حەقیقەت. خشتەی یەکەم کاکڵ و ناوەرۆکی مەعریفەتی عیرفانییە. حەقیقەت و راستی، خۆی دەلیل و بەڵگەی خۆیەتی، هەروەک رۆژ بۆ سەلماندنی خۆی پێویستی بە چرا و رووناکی نیە، ئیتر بوونی حەق پێویستی بە بەڵگە نیە.

لە خشتەی دووهەمیشدا، دووبارە بوونەوەی (برهان) دوو واتای هەیە. (برهان)ی یەکەم: واتە بەڵگە و (برهان)ی دووەم واتە: رزگارم کە.

١. رزگار کردن لە بەڵگەی زیهنی ٢. گەیاندن بۆ لای بورهانی حەقیقی واتە نوری شهود. شهود: بریتییە لە بینینی حەق لە رێگەی حەق. (کاشانی، ١٣٧٠: ١٥٤) و زۆرێک لە خواناسان بەم راستیە گەیشتوون کە شهود، پێویستی هەیە بە پێوەر و ئەندازە. (کوهساری،١٣٨٩: ١٤٦)

حەقیقەت وەک رۆژ وایە، خۆی دەلیل و بەڵگەیە لەسەر خۆی و رێرەو و رێبازی خواناسی کاتێک پێی دەگات، کە لە خولانەوە بەدوای بەڵگەدا، خۆی دەرباز بکات.

مەلا محەممەد نەوەک شاعیر، چونکە خۆی بە شاعیر نەزانیوە. زۆر خۆی بە شیعرەوە خەریک نەکردووە. (میرانی،٦١) بەڵام تەنیا لە دەرێچەی ئەو دوو دێڕەوە، بۆمان دەردەکەوێت شیعری ئەو پارێزاەری دین بووە. عیرفانی ئیسلامی لە چوارچێوەی شەریعەتدا چەسپاندووە و بە جۆرێک پەیوەندی نێوان شەریعەت و تەریقەتی تێدا دیارە. ئەم بابەتەش لە مێژووی فکری ئیسلامیدا گرینگە. زەهاوی نمونە و وێنەی دیاری هەردوو بەشی فیقە و شەریعەت و عیرفان و تەریقەتە و بەم شێوەیە کاریگەری هەبووە لەسەر هزری ئیسلامی و وێژەو ئەدەبیاتی ئیسلامیدا.

**چەند نموونە لە شیعرەکانی موفتی زەهاوی**

هەر ئەم چەند دێرە زۆر بە قوڵی کاریگەری دەخاتە سەر هزر و فکری مرۆڤەوە و بە تایبەتی لە رووی ئیمان و باوەڕەوە، هێزی ئینسان زیاد دەکات و پاڵنەرێکی بەهێزن بۆ بەرزی ئیرادەی هەر تاکێک لە ناو کۆمەڵگادا.

چون بخارد پشت من انگشت من　　　خم شود از بار منت پشت من

همتی کن تا نخارم پشت خویش　　　وارهم از منت انگشت خویش　　(هامان، ٦٧)

کاتێ پەنجەکانم پشتم بۆ بخورێنێت، ئیتر پشتی من لە ژێر باری منەتدا، دەچەمێتەوە. کەواتە ئەی خوایە! یارمەتیم بدە کە پشتم بە پەنجەم نەخورێنم، هەتا لە منەتی ئەو رزگارم ببێ.

***

چون علت رعشه شد نمایان در بدن　　　نزدیک بود جدایی جان ز بدن

هرگاه بشــود زلزله انـــدر خانــه　　　تعجیل کند خانەنشین در رفتن　　(هەمان)

کاتێک ئەندامەکانی لەشی مرۆڤ کەوتنە حەشۆکە و لەرزین، مردن زۆر نزیکە. نەتبینیوە کە لە کاتی بومولەرزەدا، خەڵکی بە خێرایی را دەکەن و ماڵەکانیان چۆل دەکەن.

**

خواهیشتە ئەگەر دائیمە تۆ بتخەنە سەر چاو

لەم عالەمەدا عەینی درۆیە وەکوو عەینەک　　　(هەمان. ٧٧)

**لە کۆتاییدا پێشنیار دەکەم کە:**

زانکۆکان و بە تایبەتی زانکۆی سلێمانی و بە هەمان شێوە سەنتەری زەهاوی بۆ لێکۆڵینەوەی فکری، لە هەوڵی بەستنی کۆنفرانسێکدا بن لەسەر کاریگەریەکانی زەهاوی لە رێگەی وێژە و ئەدەبیاتەوە لەسەر فکری ئیسلامی.

## 4.ئەنجام

کەسایەتی زانستی و کۆمەڵایەتی موفتی زەهاوی ، دەکرێ لە بناغەکانی گۆرانکاری فکری بەغدا لە سەردەمی کۆتایی دەوڵەتی عوسمانی و سەرەتای سەدەی بیستەم بزانین.

موفتی زەهاوی بە پشت بەستن بە فکری دینی و پێگەی موفتی لە بەغدا و هەروەها بە کەڵک وەرگرتن لە شیعر و ئەدەبیات، رۆڵی هەبووە لە پاراستنی فکری ئیسلامی ناو کۆمەڵگا.

بەم ئەنجامە گەیشتین، کە موفتی بوونی مەلا محەممەد و هەروەها کەمێک سەرقاڵبوونی بە وێژە و ئەدەبیاتەوە، دەورێکی ماندەگاری هەبووە لە بزوتنەوەی فکری ئیسلامی ئەو کاتی بەغدا و

- **Publisher:** University of Sulaimani, **ISSN (Print):** 1813-0852, **ISSN (Online):** 2617-3034
- **Journal Websitehttps://sjh.univsul.edu.iq/**, **Conferance Name[Kurdish scholars in Baghdad were pioneers of thought and sources of knowledge.]**], **Year:** [2026], **DOI:** [10.17656/jzsb.12423]
- **Submission Date:** [**26/2/2026**], **Accepted Date:** [**3/4/2026**], **Published Date:** [02/08/2026]

لە راگواستنی بیری ئیسلامی راستەقینە بۆ نەوەکانی دواتر پێشەنگ بووە.


## Abstract

As the center of Islamic science and culture, Baghdad has had prominent figures who had a positive influence on the intellectual and scientific changes of their time. Meanwhile, Kurdish scientific and literary figures are considered as talented and influential people. The study examines the influence of these people, such as Mufti Zahawi, on the emergence and development of the Islamic intellectual movement.

Interpreting his life, works, thought and discussing the scientific and cultural relations between the Kurds and other scholars in Baghdad, it is clear that the Kurds, as a bridge between philosophical, scientific and literary thought and enriched the movement of Islamic thought in Baghdad. The aim of this study is to analyze the influence of this personality on the intellectual .centers and scientific developments of Baghdad


**Keywords:** Kurds, intellectual and Islamic movement, intellectual influence, language and literature


## ملخص

باعتبارها مركزًا للعلوم والثقافة الإسلامية، أنجبت بغداد شخصيات بارزة كان لها أثر إيجابي على التحولات الفكرية والعلمية في عصرها. ويُعدّ العلماء والأدباء الأكراد من الشخصيات الموهوبة والمؤثرة. تتناول هذه الدراسة تأثير هؤلاء، مثل المفتي الزهاوي، على نشأة وتطور الحركة الفكرية الإسلامية.

من خلال تحليل حياته وأعماله وفكره، ومناقشة العلاقات العلمية والثقافية بين الأكراد وغيرهم من علماء بغداد، يتضح أن الأكراد، بوصفهم جسرًا يربط بين الفكر الفلسفي والعلمي والأدبي، قد أثروا الحركة الفكرية الإسلامية في بغداد. وتهدف هذه الدراسة إلى تحليل تأثير هذه الشخصية على المراكز الفكرية والتطورات العلمية في بغداد.


**الكلمات المفتاحية:** الأكراد، الحركة الفكرية والإسلامية، التأثير الفكري، اللغة والأدب

## 5.سەرچاوەکان


١. بصير، محمد مهدى(١٩٤٦)، نهضة العراق الادبية فى قرن التاسع عشر، بغداد، المعارف.

٢. چراغى، محمدرسول(١٤٠٠)، دانشنامه برخى از مشاهير و علماى كرد، سنه، ئاڵای رووناكى.

٣. خنارى، على گنجيان(١٣٩٥)، ادبيات اعتراض در شعر جميل صدقى زهاوى،ش٢٢، كاوش نامه ادبيات تطبيقى.

٤. ديوان بيگى، ميرزا احمد(١٣٦٥)، حديقة الشعرا، بەكوشش: حسين نوايى، تهران، زرين.

٥. زكى، مبارك(١٩٣٨)، وحى بغداد، قاهره.

٦. زكى، محەممەد ئەمين(٢٠٠٦)، تاريخى سلێمانى، سلێمانيه، بنكەی ژين.

٧. عزالدين يوسف(١٩٦٥)، الشعرا العراقى الحديث ...، القاهرة، الدار القومية.

٨. كانى ميرانى، عەبدولحەميد(٢٠١٨)، موفتى زەهاوى:ئامادەكردن و زيادكردنى بابەت، سلێمانى، سەنتەرى زەهاوى.

٩. كوهسارى، سيد اسحاق(١٣٨٩)، كشف و شهود عرفانى، ش ٥، فلسفه دين.

١٠. كاشانى، عبدالرزاق (١٣٧٠)، شرح فصوص الحكم، قم، بيدارفر.

١١. مدرس، عبدالكريم (١٩٨٣)، علماءنا فى خدمة العلم و الدين، الطبعة الاول، بغداد، دار الحرية.

١٢. محسنى نيا، ناصر(١٣٨٩)، جميل صدقى زهاوى و زبان و ادبيات فارسى، ش٢، گوهر گويا.